KURDISTAN

# ١٠ خاکەلێوە

KURDISTAN

# ٧٨

## شەهیدەکانمان مایەی سەربەرزی و شانازیمانن



کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ئەندامانی ڕێبەری شەهید، فەرماندەر و ڕێبەرانی کۆچکردو

## لە سێ قۆناخی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکڕات کوردستان

### وتەکانی دوکتور قاسملوو، لە سەر شەهیدان




گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێک بە بێ زەحمەت و تێکۆشان، بە بێ بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە.

گەلی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردە لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی، فیداکاریی دەوێ، خۆبەختکردنی دەوێ. کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بێ.

ئێمە لە رۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێک کە دەتوانین بکەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین، وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختی یەک نەکشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە.خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکانو نەسلەکانی دیکەیە.

دەی خاکەلێوە ٢٧٢٥

ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسلی رابردوو یا نەسلەکانی رابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا رەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕشو بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت:

هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان رزگار دەکا بۆ ئەوە لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ.

ئەم وتانە لە رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگەو ئەندامی لەمێژینەی حیزب کاک خالیدی عەلیپوور دا

(زستانی ١٣٦٧) پێشکەش کراون.




# شەهیدانی حیزبی دێموکرات کوردستان

## لە رۆژی دامەزرانی حیزب تا ئێستا

### قوناغی یەکەم؛

### شەهیدانی کۆماری کوردستان




١- ١٦ی جوولای ١٩٤٦ی زایینی = ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ شەهید بوونی محەممەد نانەوازادە یەکەمین فەرماندەرو جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان ناوچەی بانە.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

٢- ١٥ی فێبریوێری ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **عەلی بەگی شێرزاد** (**عەلی بەگی یەکشەوە**) یەکێک لە خاوەن ملکانی گوندی یەکشەوە وفەرماندەرانی هێزی چلی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا.

٣- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **شێخ ئەمینی ئەسعەدی** (**شێخ ئەمینی کەسنەزان**) خاوەن ملکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

٤- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **شێخ سدیقی ئەسعەدی شێخ سدیقی یازی بولاغی** خاوەن ملکی گوندی "یازی بلاغی" سەقز، ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان.

٥- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **عەلی ئاغای جەوانمەردی** (**عەلی ئاغای تەمووتە**) خاوەن ملکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٦- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی** (**ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ**) خاوەن ملکی گوندی "میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٧- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **ئەحمەد خانی شەجیعی** (**ئەحمەد خانی کەڵتەگە**) خاوەن ملکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٨- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ **عەلی خانی فاتیح** (**عەلی خانی قەلەندەر**) خاوەن ملکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

**٩- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن ملکی گوندی کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.**

**١٠- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ محەمەدخانی دانیشوەر خاوەن ملکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی.**

**١١- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ محەمەدخانی فەیزوڵابەگی (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون ملکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.**

**١٢- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ عەبدوڵا خانی مەتین (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) خاون ملکی گوندی "داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.**

**١٣- ١٤ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٥ی ڕەشەمێ ١٣٢٥ی هەتاوی؛ ئەحمەد خانی فاروقی (سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.**

**ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر (محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی خاڵۆزا و پوورزا بوون.**

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

١- ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ لەسیدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان و سەدری ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد.

٢- ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی؛ جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا.

٣- ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارڵمانی ئێران، و برای بچوکی پێشەوا.

----

١- ٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ عەبدوڵای ڕەوشەنفکر (عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا

٢- ٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ ڕەسووڵی نەغەدەیی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٣- ٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ محەممەدی نازمی لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٤- ٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ حامیدی مازووچی لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد لە سابڵاغ لە سێدارە دران.



سەرچاوە Serchawe

**ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێڕاق**

**١- ١٩ی جوونی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ عێزەت عەبدولعەزیز لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.**

**٢- ١٩ی جوونی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ مستەفا خۆشناو لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.**

**٣- ١٩ی جوونی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ محەممەد قودسی لە ئەفسەرانی سەردەمی کۆماری کوردستان خەڵکی سلێمانی.**

**٤- ١٩ی جوونی ١٩٤٧ی زایینی = ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ی هەتاوی؛ خەیروڵا عەبدولکەریم لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.**



سەرچاوە
Serchawe

## قوناغی دووهەم؛

## جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە ساڵەکانی

### ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی = ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی




١- مای ١٩٦٦ی زایینی = بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی؛ شەهید بوونی **سەدیق ئەنجیری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات. لەباشووری کوردستان.

٢- ١٧ی جوونی ١٩٦٧ی زایینی = ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٦ی هەتاوی؛ شەهید بوونی **مەلارەحیم ویردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد** ئەندامی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنگرەی دووەم بە دەستی خەیانەت لە گوندی تەوێڵە لە باشووری کوردستان.

٣- ١٧ی مای ١٩٦٧ی زایینی = ٢٧ی بانەمەری ١٣٤٦ی هەتاوی؛ شەهید بوونی **باپیرشکاک(نحۆ)** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات و چوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بەدەست هێزەکانی ئێران لە لە خڕەعەجەم، ناوچەی سەڵماس.

٤- ساڵی ١٩٦٨ی زایینی = ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ شەهید کردنی دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان. بەهۆی تیرۆر لە باشووری کوردستان شەهید دەکری.

٥- ٢٠ی جوونی ١٩٦٨ی زایینی = ٣٠ی جۆزردانی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەوڵا موعینی ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز کۆنگرەی دووهەم، لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی موکریان لە تێکهەچوون لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران.

٦- ٢٠ی جوونی ١٩٦٨ی زایینی = ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی مینە شەم لە شەڕێکی نابەرانبەر لە گەڵ لەشکرێکی لەڕادەبەدەری ژاندارم و جاش و دلاوەرو هەوانیروز هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی موکریان،

٧- ٢ی مای ١٩٦٨ی زایینی = ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سمائل شەریف زادە تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب لە گەڵ چوار هاوڕێی دیکەی، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە بەدەست ڕێژیم پەهلەوی.

٨- ١٥ی مای ١٩٦٨ی زایینی = ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سولەیمان موعینی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب بە دەست سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە دیلمان - باشووری کوردستان

٩- ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی = ١١ی خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ گوللەبارانی کردنی مەلا ئاوارە (ئەحمەد شەڵماشی) شاعیرو تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب لەگەڵ دوو هاوڕێ خۆی لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٠- ٢٢ی مارچی ١٩٧٣ی زایینی = ٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی؛ شەهید قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی سەردانی شاری بانەی کردبوو لە نیو شاری بانە بەهۆی دەستڕێژی خۆفرۆشێکەوە شەهید کرا.

١١- بەهاری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی = بەهاری ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی؛ شەهید کردنی ئەحمەد توفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) کەسایەتی یەکەمی کۆنگرەی دووهەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ئازارو ئەشکنجەی کاربەدەستانی ڕێژیمی بەعسی عێراق.

---

## قوناغی سێهەم

### لە شۆڕشی گەلانی ئێران تا ئێستا



١- ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ی زایینی = ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی سەرگورد حەبیبوڵا عەبباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی شوورای نیزامی حیزب لە شاری مەهاباد،



سەرچاوە
Serchawe

بە دەست بەکریگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە مەهاباد.

٢- ١٢ی دێسەمبەری ١٩٨١ی زایینی = ٢١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەروان ئەحمەد جاویدفەر(کاک هەژار) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکرات، فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا. بە کەوتە بەرپریشکی گۆلە تۆپی دوژمن لە ناوچەی بانە.

٣- ١٨ی مای ١٩٨٤ی زایینی = ٢٨ی بانەمەری ١٣٦٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی لە جنووبی کوردستان لە گوندی "ئەرگەسەڵە"ی دیواندەرە.

٤- ٢٠ی مارچی ١٩٨٥ی زایینی = ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید کردنی سەدیق فەرۆخیان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار. لە هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو.

٥- ٣٠ی جوونی ١٩٨٥ی زایینی = ١٠ی پووشپەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ٦ی و جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حیزبی دێموکرات لە بانە، لە شەڕێکی قارەمانانەی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بانە شەهید بوو.

٦- ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ی زایینی = ١٥ی رەزبەری ١٣٦٤ی هەتاوی؛ گوللەباران کردنی تەها حەق تەڵەب ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، رووناکبیرێکی پێگەیشتوو و ئازا و خەباتگێر. شەهید تەها لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران.

٧- ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥ی زایینی = ٣ی سەرماوزی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ گوللەباران کردنی کەماڵ دەباغی بەندی سیاسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتەی ئاژوان و بەرپرسی



سەرچاوە
Serchawe

ڕاستەوخۆی شارستانی کرماشان.

٨- ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦زی زایینی = ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبدولحەکیم ڕەزایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز.

٩- ١٠ی جانێویری ١٩٨٨ی زایینی = ٢٠ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە (سەید ڕەسووڵ دێهقان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەم، فەرماندەری لێوەشاوەی هیزی نیزامی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، لەگەرەکی هەوارەبەرزەی بەدەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری سلیمانی.

١٠- ٢٨ی جوونی ١٩٨٨ی زایینی = ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەدیق فیرۆزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی مەڵبەندی ١ی و بەرپرسی کۆمیتەی کرماشان لە شەڕێکی نابەرانبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی کامیاران.

١١- ١١ی ئاگۆستی ١٩٨٨ی زایینی = ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عوسمان فەتاحی ئەندامی راویژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکرات ڕێبەرایەتی شۆرشگیر. بەهۆی شەڕی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

١٢- ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو سکرتیری گشتی حیزبی دێموکرات لە دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی بۆ چارەسەری ئاشتیانە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش.

١٣- ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرە حەوتەمی حیزب، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی حیزب لەڤییەن

ئۆتریش.

١٤- ١٨ی جانێویری ١٩٩٠ی زایینی = ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٨ی هەتاوی؛ گوللەباران کردنی رەشاد حوسێنی ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی رێبەرایەتی شۆرشگێر، بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی ١ لە شاری سنە.

١٥- ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی = ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەم رێبەرایەتی شۆرشگێر، لە قونیە - تورکیە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران.

١٦- ٣١ی مای ١٩٩٢ی زایینی = ١٠ی جۆزەردانی ١٣٧١ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی شاپوور فیرۆزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی رێبەرایەتی شۆرشگێر لە کاتێکدا لە شوێنی پشوودانی خۆی خەریکی دارشتنی بیرەوەرییەکانی بوو، لە لایەن کەسێکەوە تەقەی لێ دەکرێ و شەهید دەکرێ. لە شاری رانیە.

١٧- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ هەتاوی؛ تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریستورانی میکوونوس بێرلینی ئالمان.

١٨- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی دەرەوەی وڵات لە بێرلین - ئاڵمان.

١٩- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی همایوونی ئەردەلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئالمان.

٢٠- ٤ی ئاگۆستی ١٩٩٤ی زایینی = ١٣ی گەلاوێژی ١٣٧٣ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی غەفوور هەمزەیی ئەندامی



سەرچاوە
Serchawe

کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکرات، و نوێنەری حیزب لە شاری بەغدا لە عێراق. لە بەر دەرگای ماڵی خۆی لە شاری بەغدا کەوتە بەر دەسرێژی تێرۆریستانەوە.

٢١- ١٣ی مای ١٩٩٣ی زایینی = ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٧٢ی هەتاوی؛ تیرۆرکردنی **سەعدون عەباسی** ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوت لەشاری ڕانیە باشووری کوردستان.

٢٢- ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٩٤ی زایینی = ٧ی ڕەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی؛ شەهید کردنی **عەبدوڵڵا شەریفی** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتە شارەستانی مەهاباد لە نێوان گوندەکانی کووران‌و کاوڵان لە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی.

٢٣- ٦ی جووڵای ١٩٩٦ی زایینی = ١٦ی جۆزەردانی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ تیرۆرکردنی **ئەبووبەکر هیدایەتی** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم، بەرپرسی کۆمیتەی سویدی حیزبی دێموکرات بە هۆی نامەی بۆمبی کە لە لایەن تیرۆرسیتەکانی نیزامی ئاخوندی ئێرانەوە بۆی ناردرا بە توندی بریندار بوو و کۆچی دوایی کرد.

٢٤- ٨ی دێسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی = ١٧ی سەرماوزی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی **سەید مەنسوور ناسری** جێگری کۆمیتە ناوەندی کۆنگرەی یازدەی حیزب بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە دوکان بریندار و لە نەخۆشخانە حیزب لە کۆیەی باشووری کوردستان شەهید بوو.

٢٥- ٨ی دێسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی = ١٧ی سەرماوزی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ تیرۆرکردنی **مەنسور فەتاحی(ناسراو بە مەنسووری ڕەشەهەورامی)**، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ٩ی حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پاوە. بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە دوکان بریندار و لە نەخۆشخانە حیزب لە کۆیەی باشووری کوردستان.

٢٦- ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٥ی جووڵای ٢٠١٦ی زایینی؛ شەهید بوون **"داودی جەوانمەرد" ناسراو بە "کاوە"** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی "سەرکەوت سەمەدی"

کادری حیزب لە ئاوایی بۆڕییەر شەهید بوون.

٢٧- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی برایم برایمی ناسراو بە زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٢٨- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی نەسرین حەدداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٢٩- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٣٠- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٣١- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سوهەیلا قادری ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٣٢- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی هاشم عەزیزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە -



سەرچاوە
Serchawe

باشووری کوردستان.

٣٣- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی محەممەد حەسەن پوور ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم لەگەڵ ١٢ کادر و پێشمەرگە دیکە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە کۆیە - باشووری کوردستان.

٣٤- ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی = ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی باباخانی مووسا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەڤدەی حدک لە هۆتێل "گوڵی سلێمانی" لە شاری هەولێر لەلایەن چەند تێرۆریستێکی نێردراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی.

## فەرماندەری هێزو کۆمیتە شارستان



١- ٢ی ئەپریلی ١٩٨٠ی زایینی = ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبدووڵڵا ئەفشین‌راد ناسراو(بە سەروان ئەفشین) فەرماندەری هێزی بەیان لە گەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی لە بۆسەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سۆڕای میاندواو.

٢- ٤ی جوونی ١٩٨٠ی زایینی = ١٤ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەروان ئیبراهیم بەهرام پوور فەرماندەری هێزی دیواندەرە بە هۆی دەسرێژی دەستەیەک خۆفرۆش لە گوندی گڵە سوورە - دیواندەرە.

٣- ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ی زایینی = ١٩ی ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی؛ شەهید بوونی مەحموود ڕەحمەت پوور جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆ، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژیم - لە کێلەشین.

٤- ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ی زایینی = ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەروان حاتەم(دوعاخان) فەرماندەری هێزی نحۆ لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی شەڕ لە گەڵ قیادە - لە کێلەشین شنۆ.

٥- ١٥ی جوولای ١٩٨٢ی زایینی = ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٦١ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ئەسعەد سولەیمانپوور جێگری فەرماندەری هێزی عەزیزی یوسفی، بە هۆی گەمارۆی جاشو پاسدارانی ڕێژێم. لە دوو کیلومیتری شاری سەقز لە شوێنێک بە ناوی "پلەی‌ئاسانە"

٦- ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٨٢ی زایینی = ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٦١ی هەتاوی؛ شەهید بوونی حیسام ئەسعەدی فەرماندەری هێزی زرێبار، لەگەڵ هاوڕێیەکی لە نزدیک ئاوای بێساران و سەرهویەی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بە گولەی هێزی سەرکوتگەری ئێران.

٧- ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٨٢ی زایینی = ٥ی بەفرانباری ١٣٦١ی هەتاوی؛ شەهید بوونی حەسەن جەمشیدی جێگری فەرماندەری هێزی ١١٠ بەیان کەوتە بەر گوولەی داگیرکەران لە مۆڵگەی ڕێژیم لە گوندی "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان.

٨- ٣ی ئەپریلی ١٩٨٣ی زایینی = ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەلی پیرۆتی جێگری فەرماندەری هێزی ئەفشین، و دوو هاوسەنگەری دیکەی لە هێرش بۆ سەر موڵگەی "چارشێوبەسەر".

٩- ٣ی ئاگۆستی ١٩٨٣ی زایینی = ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ڕەسووڵ ئیبرایم پوور جێگری فەرماندەری هێزی موعینی. لە گوندی بەردەسوور بە هۆی شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە).

١٠- ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٣ی زایینی = ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی مەزەفەر تابیعی جێگری هێزی شەهید شەریفزادە، لەگەل ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم ناوچەی "ڕمشت و میراوە" لەیلاخی سنە.

١١- ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٣ی زایینی = ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەروان ئیقبال کەریم نژاد فەرماندەری فەرماندەری هێزی شەریفزادە، لەگەل ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم ناوچەی"



سەرچاوە
Serchawe

ڕشتو میراوە" سنە.

١٢- ٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی = ١٨ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ئەسعەد مامەدی جێگری فەرماندەری هێز، لە گوندی شنەتالا، بە هۆی تیرۆری بە کریگیراونی کۆماری ئیسلامیی.

١٣- ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی = ٢١ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سابیر حوسێنی جێگری فەرماندەری هێزی شاهۆ، بەهۆی دسرێژی سەربازە ئێراقیەکان لە نیو باخە وێران و سوتاوکانی چنارە لە باشووری کوردستان.

١٤- ١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣ی زایینی = ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عوسمان دادخاه فەرماندەری هێزی شەریفزادە، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکە، بەهۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم لە گوندی کێلە چەرمووو. ناوچەی حوسێناوەی سنە.

١٥- ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣ زایینی = ٥ی سەرماوەزی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی قادر ئیفتخاری فەرماندەری هێز ئاوارە، لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی بە هۆی تەقیینەوەی گوللە خومپارەیەکی دوژمن لەناو دەستەیەک لە پێشمەرگەکاندا لە شاری شنۆ.

١٦- ١٩ی فێبریوێری ١٩٨٤ی زایینی = ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی محەممەد زۆلفەقاری جێگری فەرماندەری هێزی هەوشار،لەگەڵ ١٨ پێشمەرگەی قارەمانی دیکەی بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی، گوندی قەرەناو.

١٧- ٦ی ئەپریلی ١٩٨٤ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا محەممەدی(ناسراو بە فەقی عەولا) فەرماندەری هێزی مینەشەم، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتی گوندی چوالان - ناوچەی ڕەبەت.

١٨- ٦ی ئەپریلی ١٩٨٤ی زایینی = ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی حوسێن شەمامی جێگری فەرماندەری هێزی مینەشەم، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتی گوندی چوالان - ناوچەی رەبەت.

١٩- ٣ی جووڵای ١٩٨٤ی زایینی = ١٢ی پووشپەری ١٣٦٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی محەممەد ئەمین بارام میرزا (چرچە) فەرماندەری هیزی بەیان، لەگەڵ ٢٤ هاوسەنگەری دیکە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی رێژێم لە شارویران - مەهاباد.

٢٠- ١٧ی ئاگۆستی ١٩٨٤ی زایینی = ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی رەحمان سوفی زادە بەرپرسی کۆمیتەی شارەستانی رەبەت، بەهۆی شەڕ لەگەڵ رێژێم، قامیشەڵە، قەرەبوغرە.

٢١- ٢٩ی ئەپریلی ١٩٨٥ی زایینی = ٩ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی قاسم محەممەدپوور (باقی) فەرماندەری جێگری هێزی بەیان، بەهۆی شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە) باغڵووجە.

٢٢- ٢٧ی مای ١٩٨٥ی زایینی = ٦ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ئیبراهیم شێخاڵی فەرماندەری هێزی نحۆ، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی جیرمێ لە ناوچەی تەرگەوەرلە شیمال کوردستان.

٢٣- ٢٩ی جوونی ١٩٨٥ی زایینی = ٨ی پووشپەری ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا زەبیعی (میرزا عەوڵای نێشکۆڵان) جێگری فەرماندەری هێزی موعینی، شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە) لە سەرشیوی مەریوان.

٢٤- ٣٠ی جووڵای ١٩٨٥ی زایینی = ٨ی گەلاوێژی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سەید کامیل حەیدەری بەرپرسی کۆمیتە شارستان هەوشار، شەڕ لەگەڵ رێژێم لە گوندی داش قس قەپان.

٢٥- ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٥ی زایینی = ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عومەر قەیتەران

فەرماندەری هێزی ئەفشین، لەگەڵ ٨ قارەمانی دیکە، شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی گەرگولی نەغەدە.

٢٦- ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥ی زایینی = ٢ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ گوللە باران کردنی خەلیل زەرع(خەلەبان) فەرماندەری هێزی دالاهۆ، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری کرمانشان. مەئموورییەتی حیزبی لە نزیک "کوزران" دەکەوێتە داوەو بە دیل دەگیرێو لە زیندانی دیزێل ئابادی کرماشان.

٢٧- ١٢ی جانێوێری ١٩٨٦ی زایینی = ٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٤ی هەتاوی؛ شەهید بوونی عەبباس ئەکرەمی فەرماندەری پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە چیای ئەورەزاق - هاوشار.

٢٨- ٢٩ی جوولای ١٩٨٧ی زایینی = ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی؛ شەهید بوونی سالار ئیبراهیمی جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس، لە گەرانەوە عەمەلیاتی مولّگەی "دەژن" بەرەو "چاوگەی ئاوێر" لەسەر چاوگەی ئاوێر کەوتنە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

٢٩- ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٨٦ی زایینی = ٨ی خەرمانانی ١٣٦٥ی هەتاوی؛ شەهید بوونی جەمیل حوسێنی بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ رێژیم - وزباش کەندی.

٣٠- ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٧ی زایینی = ٧ی رەزبەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی؛ شەهید بوونی خدر خدری (خدرە سوور) فەرماندەری هێزی پێشەوا، بەهۆی کەوتە بەر پریشکی خۆمپارە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە چیای تەرەغە - بۆکان.

٣١- ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٧ی زایینی = ٢٤ی رەزبەری ١٣٦٦ی هەتاوی؛ شەهید بوونی رەحیم مەحموودی بەرپرسی کۆمیتە شارستانی پیرانشار، بەهۆی شەڕ لەگەڵ رێژێم لە مامە رووتە.

٣٢- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی خدر زارعی بەرپرسی کۆمیتە شارستان پیرانشار، بە هۆی شەری کۆترەڵ. قەندیل.

٣٣- ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ی زایینی = ١٨ی رەزبەری ١٣٦٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی ئەحمەد کوهگەرد(وەستا ئەحمەد) فەرماندەری هێزی بەیان، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاقڵاو - ناوچەی تورجانی بۆکان.

٣٤- ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١ی زایینی = ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ی هەتاوی؛ شەهید بوونی حوسێن عەلی پوور(حەسۆ) جێگری فەرماندەری هێز سامرەند، دوو هاوسەنگەری دیکەی، لە رێگای تەقینەوەی ماشێنێکی بۆمب رێژکراو لەسەر رێگای مینوبوسێکی حیزب لە نێوان شوێنی پشوودانو شوێنی کارەکەیان لە باشووری کوردستان.

٣٥- ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩٣ی زایینی = ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٧٢ی هەتاوی؛ شەهید بوونی شارۆخ مرادی فەرماندەری هێزی شەریفزادە،لە گەڵ چەند هاورێی دیکەی لە کاتی گەرانەوە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق بە ماشێنەوە کەوتنە سەر مینو بەداخەوە شارۆخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری لە گوندی ناوتاقان بە هۆی تەقینەوەی مین.

٣٦- ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ی زایینی = ٢٧ی رەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی؛ شەهید بوونی هەمزە بێهنام فەرماندەری هێز ئاگری، لە کاتێ ئەنجامدانی مەئمووریەتی حیزبیدا لە ناوچەی مەرگەوەڕ سەر بە شارستانی ورمێ بۆ پشوودان لە گوندی "نۆوی" مەرگەوەڕ. بەهۆی دەسرێژی خۆفرۆشان.

٣٧- ١٤ی جوونی ١٩٩٩ی زایینی = ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٧٨ی هەتاوی؛ شەهید بوونی محەممەد مستەفایی(نارستی) فەرماندەری تیپ، لە نزیک شاری کۆیە رفێندراو تەسلیم بە مۆرەکانی رێژیم کرا، دواتر تەرمی بێ گیانی ناوبراو لە قەدپاڵی چیای هەیبەت سوڵتان لە نزیک شاری کۆیە دۆزرایەوە.

٣٨- ١٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ی زایینی = ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی؛ شەهید بوونی هەمزە عەبدوڵڵاهی (سارتکەیی) جێگری فەرماندەری تیپ و دوو هاوڕێ دیکە، لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەنجامدانی مەئموورییەتی حیزبی لە ئاوایی گردێنەی ناوچەی سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی.

٣٩- ٦ی مارچی ٢٠١٨ی زایینی = ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی؛ تیرۆر کردنی قادر قادری کادر و فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهۆی دەسرێژی لە میحوەری بالیسان - چوارقوڕنە لە باشووری کوردستان شەهید کرا.

---

## ماڵئاوایی بەشیک لە ئەندامی ڕێبەری حیزب

## کە بەهۆی نەخۆشی یان تەمەن درێژی

١-٤ی جوونی ١٩٧٨ی زایینی = ١٤ی پووشپەری ١٣٥٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی عەزیزی یوسفی ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی، بەندکراوی سیاسی دوای تێپەڕ کردنی ١٩ساڵ بەند بە نەخۆشی دڵ لە تاران.

٢- --- --- --- کۆچی دوایی عەزیز لەحیمی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب.

٣- ٨ی جووڵای ١٩٩٤ی زایینی = ١٧ی جۆزەردانی ١٣٧٣ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی ئەمیر قادری ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، و ئەندامی کۆمیسۆنی مالی حیزب.

٤- ٢ی دێسەمبەری ١٩٩٦ی زایینی = ١٢ی سەرماوزی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی نەبی قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دەهەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر وبەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوە لە دانمارک.



سەرچاوە
Serchawe

٥- ١٥ی جوولای ١٩٩٩ی زایینی = ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٧٨ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی، لە باشووری کوردستان.

٦- ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧ی زایینی = ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەهەم،ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بە هۆی سەکتەی مێشک لە شاری کویەی باشووری کوردستان.

٧- ٥ی جوونی ٢٠٠٨ی زایینی = ١٦ی پووشپەری ١٣٨٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی مەلاخدر دۆلەگەرمی (خدرعومەرزادە)تێکۆشەری دیرین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ١٠ی رێبەرایەتی شۆرشگیر، لەولاتی نۆرویژ.

٨- ٧ی مای ٢٠٠٩ی زایینی = ١٧ی بانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی جەعفەر زەمانی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی، بەرپرسی بەشی خەدەمات لە کۆمیسیۆنی مالی. لەشاری کویە باشووری کوردستان.

٩- ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٩ی زایینی = ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی تەها عەتیقی ئەندامی پێشووی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، وەرگیر و کارگیری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ولاتی سویس.

١٠- ٣ی ئەپریلی ٢٠١٠ی زایینی = ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ی هەتاوی؛ مالئاوایی عەبدولا شینانی فەرماندەری هێزی ٢ی رێبەندان کۆچی دوایی بەهۆی نەخۆشی ترونهامی نۆرویژ.

١١- ١١ی مای ٢٠١٦ی زایینی = ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی؛ مالئاوایی عەبدولڕەحمان ڕەحیمی ناسراو بە چەکۆ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی پانزدەهەم بە هۆی ڕاوەستانی دلەوە، لە نەخۆشخانەی شاری کۆیە باشووری کوردستان.

١٢- ٢٥ی دێسەمبەری ١٩٩١ی زایینی = ٤ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی؛ مالاوایی محەمەد ئەمین موعینی ئەندامی



سەرچاوە
Serchawe

کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم، وەزیری ناوخۆی کوردستانی کۆماری کوردستان. خاوەن سێ کوڕی شەهیدە بە ناوەکانی سولەیمان، عەبدوڵڵا و سەعید(خانە) موعینی بوو،

١٣- ٣١ی مای ٢٠١٦ی زایینی = ١١ی پووشپەڕی ١٩٦٥ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆنگرە سێهەم. و تێکۆشەری دێرینو هاوڕێی زیاتر لە پێنج دەیە تێکۆشانو خەباتی نهێنیو ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی نەخۆشی لە بنکەی ئازادی حدک کۆیە.

١٤- ٦ی مای ٢٠١٦ی زایینی = ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی. کۆچی دوایی **سەید ڕەزای دروودگەر** ئەندامی پێشووی ڕێبەریی و کادری بەوەجی حیزب، لە شاری بێرگن لە وڵاتی نۆرویژ.

١٥- ١٨ی جانێویری ٢٠١٧ی زایینی = ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی **فەتاح کاویان** ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی، نووسەر و وەرگێر لە تەمەنی هەشتا ساڵی و لە شوێنی ژیان و تێکۆشانی خۆی لە قەڵای دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە.

١٦- ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی = ١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **سەعید کویستانی** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا، رۆژی دواتر لە گۆرستانی لینگدبروو شیرکا لە شاری ئۆرێبرووی وڵاتی سوئید بە خاک سپێردرا.

١٧- ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ ماڵاوایی **کەریم حەدداد**؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگری سێهەم و تێکۆشەری دێرین حدکا، لە تەمەنی ٨٨ ساڵەی‌دا لە وڵاتی سوید دڵە پڕ لە هیواو ئاواتەکەی لە لێدان کەوت.

١٨ی جانێویری ٢٠١٩ی زایینی = ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی **ئەبووبەکر ڕاد**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوندەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ماوەیەکی دووردرێژ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە،

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی فێبریوێری ٢٠١٩ی زایینی لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی سوید بە خاک سپێردرا.

١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی = ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **جەلیل گادانی**، راوێژکاری دەفتەری سیاسی کەسایەتی سیاسی و ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) کە نزیک بە هەفتەیە بوو لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری چڕی پزیشکیدا بوو، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە باشووری کوردستان.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ ی زایینی = ٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **تەیفوور بەتحایی** نووسەر و هونەرمەندی سینەماکار. چالاکی سیاسی و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دیموکڕات لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لەشاری یوتۆبووریی وڵاتی سوئید.

٢١ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی = ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **لوقمان مێهفەر** ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی پاش مانگێک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆڕۆنا، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر.

٢٢- ٢ی جوونی ٢٠١٢ی زایینی = ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی **سەرهەنگ چیا رەبیعی** نووسەر و چالاکوانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان و فەرماندەری هێزی پێشەوا و بۆکان لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا لە شاری مالمۆی سوئید.

٢٣- ١٣ی فیبریوێری ٢٠١٧ی زایینی = ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **عەبدولڕەزا کەریمی** ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، تێکۆشەری دێرین و کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن، لە ئەیالەتی بادن بادن لە شاری هایدێلبێرگ لە وڵاتی ئاڵمان.

٢٤- ١١ی ئەپریلی ٢٠١٨ی زایینی = ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ **سارم خانی سادق وەزیری** کەسایەتیی ناوداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوقووقیی کورد و لە دەوری سەرەک وەزیریی "دکتور مصدق" دا لە لایەن حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دیموکراتی کوردستانەوە کاندیدای مەهابادی دەورەی حەڤدەهومی مەجلیسی شوڕای مللی ئێران بوو لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا لە شاری "ڤێ ڤێ"ی وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد.

٢٥- ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی = ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی سەرهەنگ سمکۆ عەلیار براگەورەی شەهید شەهید سەرگورد کەریم عەلیار، و یەک لەو فەرماندە شوێندانەرانەی حیزبی دێموکرات. بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە وڵاتی سوئێد.

٢٦- ٢٢ی جۆزەردانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٢ی جوونی ٢٠٢٣ی زایینی؛ کۆچی دوایی عیسمەت عەبدی، تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی جەڵتەی مێشک لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا لە وڵاتی هۆلەند.

٢٧- ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٥ی ئاوریلی ٢٠٢٤ی زایینی؛ماڵاوایی هاشم کەریمی، ئەندامی ڕێبەری، نووسەر، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە شاری لەندەن پێتەختی بریتانیا.

---

## تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بە هۆی جیاواز

١- ٢ی ئەپریلی ١٩٧٣ی زایینی = ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی؛کۆچی دوایی حوسێنی زێڕینگەران (حوسێنی فڕووهەر)، ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەفسەر و چالاکێکی هێزی دێمۆکرات بووە لە تاران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە.

٢- ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٩ی زایینی = ١ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی حاجی سەید بابە شێخی

سیادەت رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللیی(سەرۆک وەزیر) کۆماری کوردستان لە دیی تورجان.

٣- ٢٧ی فێبریوێری ١٩٧٩ی زایینی = ٨ی رەشەمی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی سەید محەممەدی حەمیدی نووسەر و ڕوناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»لە شاری سنە.

٤- ١ی مارچی ١٩٧٩ی زایینی = ١٠ی رەشەمی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی تیکۆشەر مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لە ژنەراڵە گەورەکان و چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان. و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان.

٥- ١٥ی جوولای ١٩٨٦ی زایینی = ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٦٥ی هەتاوی: ماڵاوایی محەمەدی یاهوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم،نووسەر و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لەشاری تاران.

٦- ١٢ی جانێوێری ١٩٨٨ی زایینی = ٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی محەمەد ئەمین ئەحمەد میرزا مەنگوڕ جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، شاعیر و نوسەری بەتوانا.

٧- ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٨ی زایینی = ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی میرحاج ئەحمەد تاهیرئاکرەی سەرپۆلی٢ فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان و بازرەسی جەبهەی سەقز لە سەردەمی کۆماری کوردستان، و یەکیک لە ئەندامانی رێبەری پارتی، لە شاری بەغدا.

٨- ٢١ی فێبریوێری ١٩٩١ی زایینی = ٢ی رەشەمی ١٣٦٩ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی) ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد(ژ - ک) چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان شاعیر، مێژوونووس و وەرگێری بە توانا لە شاری مەهاباد.

٩- ٢٢ی مارچی ١٩٩٢ی زایینی = ٢ی خاکەلێوەی ١٣٧١ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی مەلا قادری مودەرەسی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری



سەرچاوە
Serchawe

مەهاباد.

١٠- ١٧ی فێبریوێری ١٩٩٨ی زایینی = ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی مینا ئەسکەندەری یان مینا قازی هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، سیاسەتوانی ژنی کورد و لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا سەرۆکی ڕێکخراوی "یایا" کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی ژنان بووە. لە مەهاباد بووە

١١- ٣١ی مارچی ٢٠٠٣ی زایینی = ١٢ی ڕەشەمی ١٣٨١ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی مەناف کەریمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕات، دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ، جیگری قازی محەممەد بۆ کاروباری کۆمیتەکانی حیزبی، دواتر وەزیری فەرهەنگی کوردستان.

١٢- ١ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ی زایینی = ١٦ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی سمایل سەردەشتی ئەندامی حیزبی دێموکرات، هونەرمەندی میللی و ناسراوی کورد لە ڕوداوێکی هاتووچوو لە باشووری کوردستان.

١٣- ٦ی فێبریوێری ٢٠٠٩ی زایینی = ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی عەبدولقادری دەباغی (مامەقالە) تێکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکرات نووسەر، وەرگێرو نیشتمانپەروەر. لە شاری لەندەنی بریتانیا.

١٤- ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٨ی هەتاوی؛ حاجی مارف ڕەشیدی پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشدار لە شەڕی ئاواییەکانی "قارەواو مامەشا، لە شەڕی گەورەی گوندی "قارەوا" بریندار بووە. باوکی شەهید سەڵتەنە ڕەشیدی" لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات.

١٥- ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٠ی زایینی = ٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی؛ سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان نووسەر، زماننناس و لێکۆلەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژێ - کاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

## کۆچی دوایی ئەندامانی پیشووی حیزب

### هەریەک بە هۆیەک حیزبیان جێی هێشتبوو، یان دوور خراوتنەوە

١- ساڵی ١٩٨٠ی زایینی = ١٣٥٩ی هەتاوی؛ **عەبدولڕەحمان زەبیحی** لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ساڵی ١٩٤٢ دا بووە و دواتر بەشداری لە کارەکانی کۆماری کوردستان کردووە. دوای ڕووخانی کۆمار ئاوارەی عێراق و سوریا بوو. دواجار کە گەڕایەوە عێراق لە سەرەتاکانی ١٩٨٠کاندا بێسەروشوێن کرا.

٢- ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٨٥ی زایینی = ٦ی ڕەزبەری ١٣٦٤هەتاوی؛ **حەسەن قزڵجی** نووسەرروووناکبیر لە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد. بە ناوی نهێنی (ژیر) پەیوەندی دەکا بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە. و پاش ئەوەی ١٠ مانگ لە ژێر شکەنجەی جەستەیی و دەروونی دا دەبێ لە زینداندا شەهید دەبێ، لە گۆڕستانی بەهەشتی زارای تاران بەخاک دەسپێردرێت.

٣- ١٨ی ئەپریلی ١٩٨٦ی زایینی = ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **محەممەدئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن موکریانی** ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ.

٤- ٩ی مای ١٩٩١ی زایینی = ١٩ی بانەمەڕی ١٣٧٠ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **ڕەحیم سەیفی قازی** فەرماندەی چڵی ٢، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. و ئەندامی چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان.

٥- ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ی زایینی = ١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٠ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی **کەریم حیسامی** ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات، نوسەر و وەرگێر..بە هوی نەخۆشی شێرپەنجەی میشک لە ستۆکهۆلمی سوئید.

٦- ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ی زایینی = ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٨ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی سەنار مامەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئید.

٧- ٢٩ی مای ٢٠١٠ی زایینی = ٨ی پووشپەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی حەمەدمین سیراجی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات، تێکۆشەر و چالاکی سیاسی دیرینی رۆژهەلاتی کوردستان لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئید.

٧- ٩ی مارچی ٢٠١١ی زایینی = ١٨ی ڕەشەمێ ١٣٨٩ی هەتاوی؛ ماڵئاوایی غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی چوارەمی حیزب، تێکۆشەر و چالاکی سیاسی دێرینی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا بە هۆی جەڵتەی مێشک لە شاری کۆلنی ئالمانیا.

٨- ١٨ی مارچی ٢٠٢٥ی زایینی = ٢٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی، ئەندامی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات. دواتر سکرتێری پێشووی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا.

---

**سەرچاوکان:**

- نێوسەدە تێکۆشان نووسینی: مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە.
- ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی: جەلیل گادانی.
- ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان.
- ماڵپەڕی شەهید.- بەشیک لە ماڵپەڕە کوردییەکان.

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = مارچی ٢٠٢٥ی زایینی**

---




سڵاو لە پێشەوا قازی محەممەد
مەشخەڵداری کاروانی شەهیدانی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی تەشکیلات
سەرچاوە
Serchawe